# ئینتەرنێت
## هۆنراوەی شالاو

گەر دەمتوانی
هەموو ڕۆژێ
ڕادەوەستام لە بەردەم ڕێت
هەر بۆ ئەوەی شارەزا بم من شوێن وجێت
گەر بکرابا
هەموو ساتێ
دادەنیشتم بە دیار باڵای کوردستانیت
تا ئەو کاتەی پیم دەڵێن شیت
گەلێک جاران
بێزار دەبم لەژیانی خۆم
کەچی هەرگیز تێر نابم لێت
ئەی گوڵی ئاشتی ناو بەفر
ئەی کچەکەی ئەودیو سنوور
تۆ خەونێکی ومن خەیاڵم
چاک دەزانم
لە دووری تۆ
گیانم دەردێت
بۆیە ئەتۆش هەر هیچ نەبێ
جار جار وەرە
ناو ئینتەرنێت ...